# بەڕێوەچوونی ڤێستیڤاڵێکی شیعری کوردی لە شاری هانۆڤەر..!



سەنتەر ئارشیڤ و لێکۆلینەوە ڕۆژنامەگەری کوردستان لەوەتی دامەزراوە و لە هەندەران لە شاری هانۆڤەر گیرساوەتەوە هەر بەردەوامە لەپێشکێش کردنی جووڵی چالاکیەکانی لە بواری ڕۆژنامەگەریی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی ،زۆر گرینگی بە کلتوری نەتەوایەتی کوردی دەدا ،وە هەموو توانای خۆی خستۆتە گەر بۆ بەرەوپێش چوونی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی ، لە بەرواری ٢٦ ئابی ٢٠٠٧ هەڵسا بە سازدانی ڤێستیڤاڵێکی شیعری کوردی لە ژێر دروشمی بەرە و ڕەسەنایەتی شیعری کوردی .ڕەوەندی کوردی لە زۆربەی شارەکانی ئەلمانیا (بەرلین و گۆتینگن و بلیفێلد و بریمن و بۆن و ...هتد ئامادەی ڤێستیڤاڵەکە بوون ،ناوەرۆکی ڤێستیڤاڵەکە چەند بابەتێکی لە خۆگرتبوو سەرتا دەستکرا بە پێشانگایەکی وێنەی شاعیرە کلاسیکیەکان (بابەتاهیر و نالی و مەحوی و ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیر و حاجی قادر و شێخ رەزای تالەبانی و قانیع...هتد لە لایەن دکتۆر جەمال نەبەز کرایەوە . بابەتی دووەم لێکۆلینەوەیکی شیعر بوو لە لایەن دکتۆر سەروەر عەبدوللا پێشکێش کرا و وە توانی باسێکی تێر و تەسەل و زۆر لایەنی نادیار لە بارەی رەوشی شیعری کوردی بۆ ئامادەبووان روون بکاتەوە . بابەتی سێیەم بریتی بوو لە مێوانداری کردنی چەند خوشک و برایەکی بەرێز (ئەحمەد دەشتی،ئەدیب چلکی،دکتۆر ئەمیر رەشید ،حمە سەدیق ،حەسۆ جەوهەر ، ژووان سورچی ، جەمال خەزنەدار ، خالید شەیدا ، یاسین بابان ، علی قادر ، کرمانج هاریکی، گۆنا جاف ) لە شارە جیاجیاکانی ئەلمانیا ، بەشداریان لەم ڤێستیڤاڵە خنجیلانە کرد هەر یەکەیان چەند شیعرێکی بە تام و بە پێزیان خوێندەوە توانیان ئامادەبووان بهێنە جۆش و خرۆشەوە ،پاشان ڤێستیڤاڵەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات .

**سەنتەری ئارشیڤ و لێکۆلینەوە ڕۆژنامەگەریی کوردستان**

**هانۆڤەر** ....07/08/26